www.kurdistannet.org
21-7-2006 13:03بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

چاوپێکەوتن/سازادنی ئاسۆ بیارەیی

2006-6-27 شارۆچکەی بیارە

## بیارە شارۆچکەیەکی بریندار و ناوچەیەکی لە بیرکراو



شارۆچکەی بیارە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانیەوە کە سەر بە ناوچەی هەورامانی بەشی کوردستانی باشوورە. لە چاوپێکەوتنێکی کورتدا لە گەڵ سەرۆکی شارەوانیەکەیدا کاک ڕاغب عابید ئەحمە کە خۆی دەرچوی پەیمانگای تەکنیکی کارگێڕییە. بەم جۆرە هاتە باسکردنی شارۆچکەی بیارە و کارەکانی شارەوانی ئەم شارۆچکەیە:
شارەوانی لە شارۆچکەی بیارە لە ساڵی 1956 دامەزرا و ناجی شیخ عەلائدین یەکەم سەرۆکی شارەوانی بوو. ئەرکی شارەوانی پاک و خاوێنی و خزمەتگوزاری ڕۆژانەی هاوڵاتیانە. شارۆچکەی بیارە تا ئێتسا چوار جارلە مێژوودا بە شێوەیەکی تەواو بۆردومان و تەخت کراوە و خەڵکەکەی ناچار ئاوارە بوون. دوا بۆردومان لە ساڵی 2003 دەبێت، لە کوی 350 ماڵی ئاوی 115 خانوو لە لایەن موشکەکانی ئەمریکاوە بۆ وەدەرنانی ئیسلامە تووندڕەوەکان، دەکەونە بەر هێرش و خاپور دەکرێن.

کاک ڕاغب دەڵێت: ئێمە لە خوار سفرەوە دەستمان بە پرۆسەی ئاوەدانی کردەوە. لە ماوەی سێ ساڵدا 25 پرۆژە لەم ناوچە برینداراەدا بە ئەنجام گەیێندراوە کە 15 لە وانە هی حکومەتی هەرێمی کوردستانن. کاک ڕاغب وەکو بێلایەنێک بۆ ناوچکەی کاردەکات بۆیە پەیوەندیەکی پتەوی لە گەڵ دانیشتوانی ناوچەکە هەیە و بە ڕاشکاوی سکاڵاکان دەخاتە ڕو و هەوڵ دەدات داخوازی بەپەلەی خەڵکی ناوچەکە بخاتە بەردەم حکومەت.



کە لێم پرسی کامەمانەن ئەو ئاستەنگانە کە کارەکانتان دوا دەخەن، کاک ڕاغب باسی ئەو شەش داخوازیەی کرد کە بۆ ماوەی دووساڵ زیاترە حکومەتی هەرێمی کوردستان کەمتەرخەمی تیاکردووە و ژیانی هاووڵاتیانی تاڵ، لەوانە:

1. پێویستیەکی بەپەلەی بوونی قوتابخانەیەکی سەرەتایی و یەکێکی تریش بۆ خوێندگای دوا ناوەندی.
2. پێویستی بوونی خەستەخانەیەکی 24 قەرەوێڵەیی کە بتوانرێت تیایدا نەشتەرگەری ئەنجام بدرێت، بۆ نموونە نەشتەرگەری ڕیخۆڵە کوێرە یا بە شی منداڵ بوون و فریاکەوتن.
3. قیرکردنی جادەی پشت جۆگە کە بەتەواوەتی کار هاوڵاتیانی دوا خستووە.
4. هەندێ لە دەزگاکانی شارۆچکەکە لە بەر نەبوونی تەلار لە مزگەوتدا کاردەکەن. بۆ نموونە دەزگای کاروباری ڕەگەزنامە.
5. نەبوونی دەسەڵات لە شارەوانی بۆ وەرگرتنی بریار، لەوانە دامەزراندی کارمەندان و خەرجکردن.
6. نەبوونی باخچەیەکی ساوایان بۆ منداڵانی شارۆچکەکە.
7. نەبوونی قەبرسانێکی ڕێک و پێک.



8. لە هەمووی گرنگتر نەبوونی سەرەتایترین خزمەتگوزاری لە گەرەکی کاوات، کە گەڕەکێکی نوێیە و بۆ ئەو خێزانانە دروستکراوە کە خانوەکانیان ڕماوە یان هەژارن. نەبوونی ئاوی خواردنەوە و ئاوەڕۆ کە گەورەترین کێشەی ناوەتەوە بۆ ئەو خێزانانەی کە لەوێ دەژین.

بۆ پشتگیری قسەکانی کاک ڕاغب، خۆم گوێم لە هەندێ دانیشتوی بیارە بوو کە بە ئاشکرا بێزاری خۆیان بەرامبەر حکومەت دەردەبری، تەنانەت پیرێژنێکی هەشتا ساڵەی پەکەوتەم بەناوی پورە خونچەوە بینی کە لە بەر نەبوونی خزمەت گوزاری و خانو، چادری لە پەنا تەلارە سێ نهۆمییەکەی بارەگایەکی پارتی دیموکرات کوردستانداهەڵدابوو، کە ئەوە زیندووترین بەڵگەیە بۆ گوێ نەدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوڵاتیانی خۆی.